مەلیدە ئەهلییەکانی سلەمانی خشتەی کارپێکردنی ڕۆژانی جێژن و دوای جێژن ڕاگەیاند

سەرکی کۆمەڵەی مەلیدە ئەهلییەکان لە سلەمانی لە کۆنفرانسکی ڕۆژنامەوانیدا خشتەی کارپێکردنی مەلیدەکانی بە ڕۆژانی جێژن و دوای جێژن ڕاگەیاند.

بەگوێرەی خشتەکەش ڕۆژی عەرەفە لە کاتژمێر 10ی بەیانییەوە تاوەکو 1ی شەو کار بەمەلیدەکان دەکرێت و یەکەم ڕۆژی جێژنیش لە کاتژمێر 5ی بەیانییەوە تاوەکو کاتژمێر 1ی شەو هەرکاتێک کارەبای نیشتمانی نەبێت کار بە مەلیدەکان دەکەن، ڕۆژانی دووەم و سێیەم ڕۆژی جێژنیش لە کاتژمێر 10ی بەیانییەوە تاوەکو 1ی شەو کار بەمەلیدەکان دەکرێت.

لە بارەی خشتەی کارپێکردنی مەلیدەکان بە ڕۆژانی دوای جێژنیش، سەرکی کۆمەڵەی مەلیدە ئەهلییەکان گوتی، لە کاتژمێر 6:30 خولەکی بەیانی تاوەکو کاتژمێر 8:00 کار بەمەلیدەکان دەکەن و لە کاتژمێر 4ی ئێوارەشەوە بە کاتژمێر 1ی شەو کار بە مەلیدەکان دەکەن.

لە بارەی کرێی کارەبای مەلیدە ئەهلیەکانیشەوە، فازە حسەن، گوتی، لە 15ی مانگەوە پێشکی بە 7 هەزار دینار بە هەر ئەمپێرێک لە هاونیشتمانیان وەردەگیرێت و دواتر قایمقامێتی سلەمانی بەگوێرەی کاتژمێرکانی کارکردن نرخی کۆتای دیاری دەکەن.